# خەونەکانی منداڵی شەهیدێك

عومەر جەلال_چەمچەماڵ
omargalal2004@yahoo.com

ئەشێ بەیانی باوکم بێتەوە,بەهارێك,ساڵێك,سەدەیەکی دی چاوەرێی دەکەم ,ڕەنگە لەتەك تیشکی ڕۆژدا ئاوێتە بووبێت و ماڵی تەنیایی خۆڵی بەیەك جاری جێهێشتبێت,هەوڵدەدەم پریاسکەیەك سلاّو ببەخشم بە تاڵە برۆنزیەکانی تیشکی رۆژ کە لە چاوەڕوانیدا هەڵم گردبوون.شەرم دەکەم ڕاڤەی پاداشتی شۆرشی بۆ بکەم کە لە بێ ئومێدیەکی نەزۆك زیاتر هیچی دی پێنەبەخشیم,منداڵانە سەرم دەکەمە کۆشم وبەدڵی شکاوی نیشتیمانم دەگریم,ئاه بۆ ئەورۆژانە هەڵدەکێشم لەناو گەمەکانی منداڵیدا دەتریقامەوە.خۆم لە هەناسە خەیاڵیەکانی دەشارمەوە.

ئەفسوس بۆ هەنووکە,هەر ئەو مرۆڤانە دەبینمەوە کە لەقوتابخانە میزیان دەکردە ناو جانتەکەم کە سروودی (ئەی ڕەقیبی)م تیادانابوو ,هەر ئەو دەنگانە دەبیستم بەزمانێکی دی دەئاخفتن جودا لە زمانی دایە,بۆنی ئەو جەلادانە کووشتومی کە باخچەکانیان وێران کرد,تەپەی لەرزۆکی دڵم لەو ڕۆژانەوە پەژمووردە دەروانێتە ئایندەی خۆلاّویم.شەقەی باڵندەی ڕۆحم کپ بووە لەو ساتەوەی باوکم لە شەوێکی ترساوی ناو ڕۆژە کرچ و کاڵەکانی ساڵدا گووزەشت و تەنها یادەوەریە ئەرخەوانیەکانی مایەوە.

من هەمیشە بەدووی تارماییەکەوەم کەنازانم کەی دەردەکەوێت؟؟؟ و کەی دەڕوات؟؟؟خەونەکانم هەندێکی ڕاست دەردەچن و هەندێکی وەك منداڵێ لەترسکی شکانی پەنجەرەیەك خۆی دەشارێتەوە,دواین خەونم بینینی باوکم بوو دەگریا بۆ ئەو رۆژەی کەدیکتاتۆری سەدەی مۆدێرنەی تیا سزادەدەن ناتوانێت ئامادەبێت کە بەهیچ شێوازێك ناتوانرێت مافی هەموو کۆمەلگەی لێ بکرێتەوە ,ئەگەری هەیە کەسمان نەتوانین دادگایەکە بە چاوانی خۆمان ببینین وەلێ لەم وولاّتەدا تەنانەت تەزووی کارەباش وەك بڕیارەکانی دەسەلاّتی لێ هاتووە کەس ناتوانێت بەسانایی بڕوای پێ بکات .بەناچاری بەئومێدێکی لاوازەوە,

بەشەقامە ڕەنگاو ڕەنگەکانی منداڵیدا ڕادەکەم و دەستی) باران) دەگرم,وەك شێتێك لە خۆشی دەسکەوتنی جگەرەیەك ,ماچ بۆ هەور هەڵدەدەم تاکو بارانێکی قەشەنگ وەك ڕابردووم بباریێت و هەناسە بۆگەنەکانی دیکتاتۆر و دەرگا تاریکەکانی زیندان و پۆلە ترسناکەکانی قوتابخانە و دەستە دڕندەییەکان و پەیڤە شێواوەکان بشواتەوە,من زیندەگی پەپوولەیەك و گەشە کردنی گوڵێك وەك درووستکردنی مرۆڤێك دەبینم لە ناو نیشتمانێکدا دەژیم مرۆڤەکان هەست بە هەستی وەریوم ناکەن و گوێ بۆ باخچە شێواوەکانی ڕوانینم ناگرن,دەستێك ناهێنن بەسەرمدا بۆنی دەستی باوکمی لێ بێت و نیگایەکم پێنابەخشن لە پاداشت و ئاهێکم کەم بکەنەوە ,خەم بۆ ئەو ڕۆژانە هەڵدەڕژم لە شەوە تاریکەکانی دۆزەخدا خۆم حەشاردابوو ,وەلێ مرۆڤگەلێك پێدەکەنین بە ئاوێنەشکاوەکان و لە خۆشگوزەرانی خۆیاندا نەدەکەوتن و هەنووکە هەر پێم پێدەکەنن وتەنیا فرمێسکێك چیە نەیان توانیووە بۆمن و هاوڕێکانم هەڵیڕژن.

من دڵنیام ئەگەر باوکم زیندوو ببێتەوە تف لەو مرۆڤانە دەکات کەخۆی کردە قوربانی و دونیایەك پەشیمانی دەبارێنێت ,هەموو ڕۆژە ڕەشەکانی زیندان و ئێوارە شەرمنەکانی مردن دەشکێنێت و بە گەڕەکەکانی تەنیایدا وەڕسیی خۆی دەنووسێتەوە ,من دڵنیام هاورێکانی باوکم هەنووکە لەخۆشگووزەرانیدان و منداڵەکانیان لەباوەش دەکەن و قاقا پێدەکەنن بۆ ئەو ڕۆژانەی نەفامانە گوللەیان دەنا بەهاورێکانی خۆیانەوە.من هەرگیزاو هەرگیز تێناگەم بۆ دەبێت ئەو مرۆڤانەی کە بەخشندەن و خەبات دەکەن لە پێناو ئازاد کردنی نیشتمان دا هەمیشە دەکرێنە ئەودیوی ڕێزگرتنەوە و ئەو کەسانەی کە

**بەچاوی ئیرەییەوە لە نیشتمان دەڕوانن و نیشتیمان وێران دەکەن ,هەمیشە دەکرێنە بە خاوەنی سەروەری و خەبات ,ئەفسووس بۆ ئەم ژیانە کاڵە بەدەستی جەلادەکانەوە دەسووتێنرێت و هەر ئەو کەسانە دەبنە هێزی دەسەلاٚت.**

**لەم نیشتمانە پارچە پارچەیەدا ژیان بۆ چەند کەسێکە گرنگ نیە کێە و چ ئەزموونێکی لەڕابردوودا هەبووە ئەمەیە کارەساتی ڕووخانی خەونەکانی مرۆڤ,ئەگەر ژیان ناسکبێتەوە وەك باڵی پەپولەیەك ئەوا ژیان لە وولاٚتی مندا دڵرەق دەبێت وەك بەرد ,ئەگەر پاداشتی بەرخۆدان ببەخشرێ بەشەهیدەکانمان ئەوا لە فللوتێك و گەورەکردنەوەی وێنەیەك زیاتر نیە ,سەفەرەکانی دابڕان و شکستی وولاٚتم پێنانووسرێتەوە نەبادا لە توێی ئازارێکدا بەمەرگ ئاشنابم ,ئەفسووس بۆ ئەو مرۆڤانەی لە خەونێکی قوڵدا گوزەشتن و تەنیا بە وێنەی باڵندەیەك خۆش نەویستران, ئاە بۆ ئەو فرمێسکانەی لە دووڕیانێکدا بەجێما و پارکێکی بۆ درووست نەکرا, خەم بۆ ئەو دەستانەی لە شۆڕشدا بوونە پەناهەندەو بەئەندازەی پۆرترێتێك تەماشا نەکرا ,گریان بۆ ئەو پێیانەی لەبڵندی شاخەکانا لە ناو بەفرا سڕبوون و هیچ گۆرانیەکی بۆ نەوترا ,ئەو دڵانەی خەمی نیشتمانیان بەو هەموو گەورەییەوە هەڵگرد, بەئەندازەی کۆلارەیەکی منداڵی بەرزنەکرانەوە بۆ ئاسمان ,ئەو چاوانەی جگە لەئازادی نیشتمان وسەربەخۆی هیچی دی نەدی ,هەنووکە بەستراوەتەوە نەبادا مافی خۆی داوابکات.**

**خەوناکان کرانە ژێر خۆڵەوە هەناسەکان لەت لەتکرا ,بەیانییە ئاڵەکان خامۆشکرا و زیندەگی زیندانەکان فەرامۆشکرا,چ ولاٚتێکە هەموو شتەکان پێچەوانەدەبێتەوە سروودەکانی نیشتمان گوێی لێناگیرێت و سەروەریەکان نانووسرێنەوە ,بۆ دەبێت هەمیشە بیر لەسەفەر بکەینەوە ,لەدوورەوە نیشتمانمان لا قەشەنگبێت ,ئەمە فەلسەفەی مردنە یان شەڕ کردنە لەتەك خود .**

**باوکە گیان ,بنوو ئەگەر بەچاوەکانت ئەم نیشتمانە پاش خۆت دەبینی بەدەستی چەند کەسێکە هەڕاج دەکرێت ,هەرگیزاو هەرگیز سەردەرناهێنی,ئەگەر ماچی بەردەکانی نیشتمان بکەیت ڕەنگە بمریت ,ئەگەر باڵندەکانی ڕوانیت ئازدکەیت دەکوژرێت ,ئەگەر جلووبەرگە شڕەکەت بێنیتەوە ئەوا هەرچی منداڵی کۆلاٚن هەیە دەکەونە دوات هەر وەك شێت ,سەرکردەکانیش دەتکەن بە نووکتەی سەر مێزەکانیان ,بنوو باوکە ژیان تامی ئازار دەدات ,تەنیا مردن تامی ژیان دەدات.**

**دووبارە خۆت بکوژەباوکە,کە منداڵ بووم وامدەزانی ئەگەر باوکم شەهیدبێت لە پێناوی دەسەلاٚتدا ئەوا دەکرێتە ڕیزی مرۆڤە خەباتگێڕەکانەو منیش دەبمە کەسێك بۆنی باوکم دەبخشمەوە بە باڵندەکان ,ئەفسووس دەرگاکان نەکرانەوە منیش بەتەنیایی ئەمشەو لەسەر شەقامەکە دەکەمەوە و هەتا رۆژێکی سەردەمی خەیاڵی دێت و پەنجەرە قەشەنگەکان دەکەینەوە لە شەهیدەکانمان ,دەبایە دەسەلاٚت باخچە ووشکەکانی خێزانە شەهیدەکانی ئاوەدان کردایەتەوە نەك باخچەکانی جەلاد ,دەبایە دەسەلاٚت شەهیدەکانی زیندووکردایەتەوە نەك زیندووەکان بکوژێت,ئیدی ژیان لەم ولاٚتەدا کاڵبووەتەوە ,وەك خوێنی شەهیدەکان ,مالاٚوا بابە مالاٚوا............**